# ئارارات , هۆلۆكۆست , دوو حكومەتیش لە كوردستان

حاجی ئەنوەر
2.5.2005

لەچەند شەوی ڕابووردوودا كەناڵە تەلەفزیونەكانی SF1.3SAT بۆ زیاتر لە جارێك كارەساتی جینۆسایتی ئەرمەنیەكان و یەهودییەكانیان پەخش كرد .
كارەساتیک ئەو ڕۆژانەی دەهێنایەوە یادی مرۆڤی كورد كە دەتوانم بڵێم پەلەوەرەكانیش شەرمیان دەكرد دەنگ هەڵبڕن و بەئازادی بخوێنن ، چونكە تەنها دەنگ لەو كاتەدا ئاهونزاو قیژەو گریان و دەنگی تۆپ و تەیارەو نەڕەنەڕی فاشستەكان بوو . تەنها ڕەنگیش دووكەڵێكی بۆنداری ژەهراوی و زرێپوش و زیل و ئاڵا پیسە الله اكبرەكەی بەعس بوو . كارەساتی ئەرمەنیەكان زۆر دلتەزێن و جەرگبڕ بوو ، خەڵكەكە تا ڕادەیەک لە جلوبەرگ و هەندێک هەڵسوكەوتا لە كورد دەچوون ، پێدەچێت ئەوە وای لەمن كردبێت زیاتر لە بینەرێكی نائەرمەنی كارێگەری بوو بێت لەسەرم ، هەربۆیە لەسەر كاسێت تۆمارم كرد . یەهودییەكان توانیان هۆلۆكۆست لەئاستی جیهاندا بورژێنن و لەئاستی گەلی یەهودییشدا بەرز ڕابگرن . ئەرمەنیەكانیش سەتاپایی ئەوروپاییان لە لەدەستەڵاتی تۆرانیەكان پڕكردووەو واگەیشتنە ئەمریكاش ، دەستەڵاتی كوردستانیش بە دوو حكومەتەوە نەک وەک پێویست باس لە جینۆسایدی گەلی كورد ناكەن ، بەلكو وەک دوكان و بازاڕێكی سیاسی بەكاری دەهێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان ، كاتێک وەک بەرژەوەندیەكی هەرئێستایی پێویستیان پێدەبێت زووڕنا جیاجیاكان و دەهۆڵە دەنگ ناسازەكان دەكەونە كوتان . كاتێكیش ساڵیادی كارەساتەكان نزیک دەبێتەوە بەچەند ڕۆژێک پێش یادەكە بازاڕی چەنەبازی و گفتی درۆیینە گەرم دەكەن ، من دەزانم و لام ئاشكرایە ئەگەر ماستاو بكەم یان بەزمانێكی زبر ئاخاوتنی دڵی خۆم بكەم لای ئەودەستەڵاتە وەک یەک وایە ، چونكە ئەوان ئەوەی كە ڕێزی بۆ دانەنێن ئاخاوتن و داخوازی خەڵكیە ، زۆرووترا زۆرنوسرا ، ڕێپیوانی جۆراوجۆركرا ، كارگەیشتە ئەوەی لێیان دەپاڕاینەوە ، بەڵام هیچ كاریگەرییەكی نەبوو ، بۆیە باشتروایە زمانەزبرەكەمان بەكاربهێنین . ئەگەر كیمیاوی باران و ئەنفال بەسەر هەرنەیەوەیەكی تری ئەم سەردەمەی دنیادا بهاتایە بێگومانم لەوەی كە نەک دەوڵەتێكی پڕبەپڕی جوغرافیایی سیاسی و نەتەوەییان پێ دروست دەكرد بەلكو دەوڵەتێكی دیمۆكراتی ڕاستەقینەی شایستەی مرۆڤی سەردەمییان جێگیردەكرد . كورد پێش ئەوەی زەلیلی دەستی داگیركەران بێت ، گیرۆدەی دەستی ئەوانەیە كە خۆیان كردوەتە دەمڕاست و نوێنەرییان ، ئەگەر یەكێک ڕاست دەبێتەوەو دەڵێت ئاخر خۆ ئەوان هەڵبژێردراون !!!! ، نابێت پرسیاری ئەوەشیان لێبكریت ، ئایا خەڵكی دەنگی بە ئێوەدا كە پاش 13 ساڵ لە نیمچە سەربەخۆییەک ، بۆ كوردتان بەستەوە بە عێراقێک كە بەشی كورد هەر ئازارو ئەشكەنجە بووە ؟ . ئایا چ گرەنتییەک هەیە حكومەتی

عەرەبی عێراقی پاش سەرپێکەوتن لە پەیمانە زارەکیەکانیان پەشیمان نابنەوە ؟ . ئایا ئەوەتان بیرچویەوە حامیدالبیاتی لە کۆبونەوەی لەندەن دا ووتی : کورد لە 40% و تورکمان 30% ئاشوری 30% ی عێراقن ، جارێ خۆسەدام ماوە و با بچینەوە بۆ عێراق ئەوکات باسی کورسی و دەستەڵات دەکەین ؟. هەردوو حکومەتی باشوری کوردستان دەیان دراماو فلیمی سینەمایی جۆراو جۆریان بەرهەم هێناوە ، توانایی ئەوەشیان هەیە کە دەیانی تر بەرهەم بهێنن وەئاشکراشە کە ڕاگەیاندن چەندەکاریگەری بەسەر هزری مرۆڤەوە هەیە بەتایبەتی سینما ، ئەگەر بەهانەیەکی گەورەیان بەدەستەوەیە لەسەر بەرهەم نەهێنانی بەرهەمێکی گەورەی کاریگەر لەسەر کیمیاوی باران و ئەنفالی گەلی کورد ، خۆدەتوانن لانی کەم خزمەتێکی وەهایی قوربانیان بکەن کە هەرهیچ نەبێت کەمێک لە ئازارەکانیان کەم کەنەوە . بەلام ئەزمونی ئەم چەند ساڵەی ئەودەستەلاتانە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هەمو شتێک لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا ، مەبەستم لە هەمو شتێک ، هەموشتێکە . ئەگەر وانیە ، دیفاع کردن لە خەزرەجی و گرتنەخۆیی موستەشارەکان و بێدەنگ بوون لە فایلدارەکان و فەسادوگەندەڵییەکی لەڕادەبەدەرو بەخشینی شناسنامەی نیشتمان پەروەری بە خۆفرۆشان بۆ نمونە کەسێکی وەک وەفیق سامەڕایی و دانانی ژمارایەک لە کۆنە خۆفرۆشان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و ناچارکردنی خەڵکیش کە دەنگیان پێبدەن و ئەمانە و جگەلەشەڕی کورد کوشتن و دوولەتکردنی باشورو ........ دوریش نیە لەداهاتودا ووشەکانی کیمیاوی بارانی کوردستان و ئەنفال لەبیر بەشێک لەخەڵکی نەبرێتەوە بە بیانوی بێ ڕێزی بە قورئان ، بە پێچەوانەی ئەرمەنیەکان و یەهودیەکانەوە کە ئێستاکە لە خوێندنگاکانیاندا وەک مێژویەکی نەتەوەیی دەخوێنریت و بە شێوەی جیاجیا دنیایی لێ بەئاگا داهێننەوە .